## ٥_باب

## الدعاء إلى شهادة أن لا إله الله

**وقوله الله تعالى: (قُلْ هَـذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللّهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) يوسف ١٠٨.**

عن ابن عباس رضي الله عنهما، أن رسول الله صلى الله عليه وسلم، لما بعث معاذاً إلى اليمن قال له: (إنك تأتي قوماً من أهل الكتاب فليكن أول ما تدعوهم إليه شهادة أن لا إله إلا الله _ وفي رواية: إلى أن يوحدوا الله _ فإن هم أطاعوك لذلك، فأعلمهم أن الله افترض عليهم خمس صلوات في كل يوم وليلة، فإن هم أطاعوك لذلك: فأعلمهم أن الله افترض عليهم صدقة تؤخذ من أغنيائهم فترد على فقرائهم، فإن هم أطاعوك لذلك فإياك وكرائم أموالهم، واتق دعوة المظلوم، فإنه ليس بينها وبين الله حجاب) أخرجاه.
ولهما عن سهل بن سعد رضي الله عنه، أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال يوم خيبر: (لأعطين الراية غداً رجلاً يحب الله ورسوله، ويحبه الله ورسوله، يفتح الله على يديه. فبات الناس يدوكون ليلتهم أيهم يعطاها. فلما أصبحوا غدوا على رسول الله صلى الله عليه وسلم كلهم يرجو أن يعطاها. فقال: (أين علي بن أبي طالب؟) فقيل: هو يشتكي عينيه، فأرسلوا إليه، فأتى به فبصق في عينيه، ودعا له، فبرأ كأن لم يكن به وجع، فأعطاه الراية فقال: (انفذ على رسلك حتى تنزل بساحتهم، ثم ادعهم إلى الإسلام وأخبرهم بما يجب عليهم من حق الله تعالى فيه، فوالله لأن يهدي الله بك رجلاً واحداً، خير لك من حمر النعم). يدوكون: يخوضون.

**********

**[ باب الدعاء إلى شهادة أن لا إله الله ] واته : ( باسى بانگەواز كردن بۆ لاى شاهێدى دان بە لا اله الا الله _هيچ خوايەك شايانى پەرستن نيە تەنها الله_) ئەو باسە باسێكى گرنگە چونكە بانگەواز كردن بۆ لاى يەك خوا پەرستى و دوور كەوتنەوە لە هاوبەش دانان ڕێگاى پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام و شوێنكەوتوەكانيان وە بەوە بڕواو يەك خواپەرستى تەواو ئەبێ .**

**بەلام ئەوەش گرنگە كە بزانين بانگەواز كردنمان بۆ لاى يەك خوا پەرستى و لا اله الا الله ئەبێ بەو شێوە بێ كە خواى گەورە بۆمانى داناوەو پێغەمبەرانى عليهم الصلاة والسلام لەسەربوون . نەك بە ئارەزوى خۆمان و شوێن كەوتني شەيتان و بەرژەوەندى سياسى و حيزبايەتى .**

**[قُلْ هَـذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللّهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ] واته : (_ئەى پێغەمبەرى خوا_ بڵێ ئەوە ڕێگاى منە بانگەواز ئەكەم بۆ لاى**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خـوا لەسـەر زانسـت و ڕۆشـنـایی مـن و ئەوانەی شـوێنم ئەکەون وە پاکـی بۆ خـوایە _لەوەی هاوبەشـی هەبێ_ وە من لە هاوبەش دانەران نیم ) .

## چۆن بانگەواز بۆ ئیسلام بکەین ؟

ئـەبێ بەوشـێوەیە بانگـەواز بـۆ ئیـسلام بکـەین کـە خـوای گـەورە فـەرمانی پـێ کـردووەو پـێغـەمبەر صـلی الله علـیە والە وسلم بـۆمانی ڕوون کردۆتەوە . نەك بەوشـێوەی ئارەزومان ئەیخوازێ و سیاسـەت لەگـەڵیا ئەگونجێ و خـەڵك زیاتر بەدەورمان کۆئەکاتەوە و دەنگمان زیـاد ئەکاو کورسـیمان مسۆگـەر ئەکات ! خـوای گـەورە ئەفـەرموێ : { قل هذه سبيلي أدعوا الـى الله علـى بصيرة أنا ومن اتبعني وسبحان الله وما انا من المشركين } يوسف ١٠٨ ئـەم ئایەتـە پـیرۆزە ڕێگای پێغەمبەرمان صلى الله عليه واله وسلم وە ئەوانەی بەڕاسـتی شـوێني ئەکەون بۆ ڕوون ئەکاتەوە کەچۆن بانگەواز ئەکەن بۆلای ئیسلام یەکەم: { قل هذه سبيلي } بڵـێ ئـەوە ڕێـگای مـنە کـە ڕوون و ئاشـکرایەو ڕاسـت و ڕەوانەو خـوارو خێچی تێدانیە وە هـیچ ناشـارمەوە لەکـەس ئەمـە دیـني خـوای گـەورەیە شـەرم لەکـەس ناکـەین لە ڕوون کـردنەوەی . دووەم : { ادعوا الى الله } بانگەواز ئەکەم بۆلای خوای گـەورە نەك بۆ نـەفس و حیـزب و هـیچ مـەبەسـتێکـی دونیا تەنها بۆ ئەوەی فـەرمانی خـوای گـەورە جـێ بـەجـێ بکـەم نـەك هیچ ئارەزوێك . سێهەم : { على بصيرة } لەسـەر ڕۆشـنـایی و زانسـت نەك بە نەزانی بەڵـکـو بـە بەڵـگـەو تێگـەیـشـتن بە فەرمودەکانی خوای گـەورەو پێغـەمبەر صلى الله عليه والـه وسـلم بانگەواز ئەکـەم . چوارەم : { أنا ومن اتبعني } من ( پێغـەمبەر صلى الله عليه واله وسلم ) وە ئەوانـەی شـوێـنم ئەکـەون ئاوا بانگەواز ئەکـەن . ئەوە بانگـەوازی پێغـەمبەر صـلى الله عليه واله وسلم و ئەوانەیە کـە بە ڕاسـتی شـوێني ئەکـەون . پێنجـەم : { وسبحان الله } وە پاکـی بۆخـوای گـەورە لـەوەی کـە هاوبەشـی هەبێ یان هیچ سیفـەتێکـی کـەم و کـوڕی هەبێ یان پێویسـتی بەوە بێ کـە بە تاوان و لادان لە ڕێگـای ڕاسـت لـێی نزیك بینەوە خـوای گــەورە دەوڵەمـەنـدەو پێویسـتـی بە هیچ دروسـت کراوێك نیە . شـەشـەم : { وما انا مـن المشركين } وە مـن ( پێغـەمبەر صلى الله عليه واله وسلم ) لە هاوبەش دانەران نیم بۆ خـوای گــەورە بەڵـکـو بـەریم لـە هاوبـەش دانـان بۆ خـوای گـەورە وە بەریم لە هەرکـەسێك هاوبـەش بـۆ خـوای گــەورە دابـنـێ . نـەك بـۆ دونـیای لــە ناوچـوو وە کورسـی کـاتی وە دەوڵەمـەنـدی نارەوا دەسـت خەمـە دەسـتی هاوبەش دانەران و وازبێنم لە بانگەوازی ( لا اله الا الله ) بانگـەوازی یەك خوا پەرستی .بەڵێ ئەوە بانگەوازی پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم و ئەوانەی شـوێني پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم ئەکـەون . بانگەواز بۆ یەك خـوا پەرسـتـی و لـە سـەر ڕۆشـنـایی و بەڵگـە و تێگـەیشـتنەو مەبەسـتیشیان تەنها ڕەزامەندی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

خـوای گـەورەیـە نـەك وەدەسـت هێنانی كـورسـی یان كـۆ كـردنـەوەی دەنـگـی زۆرو دەوڵـەمـەند بـوون لــە ســەر حـیـسـابی ئـەم دینـەو بـێ دەنگ بوون لـە ناهـەق و وتـنـي ناهـەق بـۆ ڕازی كـردنی خـەڵك . بـا سـەیرێـكـی ژیانی پێغـەمـبـەر صلى الله علیه واله وسلم بـكـەین و دەرس و عـیـبرەت وەربـگـرین . لـە مـەككـە پێغـەمـبـەر صلى الله علیه واله وسلم لـەناخـۆشـتـرین ژیانا بـوو لـە گـەڵ هاوەڵـەكـانی ڕەزای خــوایان لــێـبێ ئـەشـكـەنجـەو ئازار وە دەر بـەدەر بـوون و ماڵ زەوت كـردن وە لـێدان و ســجـن كـــردن لـە گـەڵ ئـەو هـەمـوو ناخـۆشـیـە كـافرەكـان ئـەهاتن بـۆ لای پێغـەمـبـەر صـــلـی الله علــیـە واله وسلم پێیان ئـەوت ئـەگـەر ماڵـت ئـەوێ بـۆت كـۆ ئـەكـەینـەوە تا ئـەبی بـە دەوڵـەمـەنـدتـرین كــەس لــە ئــێـمـە . ئـەگـــەر ژنــت ئــەوێ جـوانـتـرین كــچـت لــە قـورەیش بـۆ هـەڵئـەبژێـرین . ئـەگـــەر گـەورەیـیـت ئــەوێ ئـەتـكـــەین بـە گـەورەی خـۆمـان بـێ پرسـی تـۆ هـیـچ كـاری ناكـەین . بـەڵام واز بێنـە لـە بانگـەوازی ( لا الـه الا الله ) پێغـەمـبـەری خـوا صلى الله علیه والـــە وســـلم بــە هــیـچ شــێـوەیـەك وازی نـەئـەهێنا لـە بانگـەوازی یـەك خـوا پـەرسـتـی و ئـەی فـەرمـــوو مـــن هـیــچـم لـــە ئــێـوە ناوێ تـەنـها بڵێن ( لا الـه الا الله ) . الله اكبر ! ئـەوە ئـەگـەر بـە سیاسـیـەكـانی ئـــەمڕۆ بـوتـرێ ئــەبێ چــی بـكـــەن ! خـۆ پێیان ناڵێن خـۆیان بـە دوای كـورسـی ڕائـەكـەن و تـەئـویـلـی فـەرمـودەی خـوای گـەورەو پێغـەمـبـەر صلى الله علیه واله وسلم ئـەكـەن بـۆ بـەرژەوەنـدی كـورسـی و حـیزبـەكـەیان و ڕازی كـردنی خـەڵك لـە خـۆیان!!!

[عـــن ابـــن عباس رضي الله عنهما، أن رسول الله صلى الله عليه وسلم، لما بعث معاذاً إلى اليمن قال له: (إنك تأتي قوماً من أهل الكتاب فليكن أول ما تدعوهم إليه شهادة أن لا إله إلا الله ـــ وفـــي رواية: إلى أن يوحدوا الله ـــ فإن هم أطاعوك لذلك، فأعلمهم أن الله افترض عليهم خمس صلوات في كل يوم وليلة، فإن هم أطاعوك لذلك: فأعلمهم أن الله افترض عليهم صدقة تؤخذ من أغنيائهم فترد على فقرائهم، فإن هم أطاعوك لذلك فإياك وكرائم أموالهم، واتق دعوة المظلوم، فإنه ليس بينها وبين الله حجاب) أخرجاه.] واتـە : ( وە لـە عبدالله ی كـوڕی عـباس خـوا لــێ یان ڕازی بـێ ئـەگـێڕێتـەوە كـە پێغـەمـبـەری خـوا صلى الله علیه وعلى الـه وسلم معاذ ی نارد بـۆ یـەمـەن پێـی فـەرمـوو : تـۆ ئـەچـیتـە لای نـەتـەوەیـەك لـە ئـەهـلـی كـتاب با یـەكـەم شـتـێك كـە بانگــەوازیان بــۆ ئـەكـــەیت بانگـەواز بـۆ لای شـاهـێدی دان بـێ بـەوەی هـیـچ پـەرسـتـراوێك هـەق نــیـە پـەرسـتـنـي ئیللا پـەرسـتـنـي الله هـەقـە و ئـەو شـایانی پـەرسـتـنـە ( لا الـه الا الله ) جـا ئـەگـەر ئــەوان لـەمــە گــوێ ڕایـەڵــیان كــردی . پــێیان ڕابگـەیـەنـە و فێریان بـكـە كـە خـوا پێنج نوێژی لـەسـەر داناون لـە هـەمـوو شـەوو ڕۆژێـكـا . جـا ئـەگـەر ئـەوان بـۆ ئـەوە گـوێ ڕایـەڵـیان كـردی ئـەوە پــێیان ڕابگـەیـەنــەو فــێریان بـكــە كـــە خـــوا ســـەدەقـەیـەكـی لـــە ســـەر دانـــاون كـــە لـــە دەوڵـەمـەنـدەكـانـیـان وەر ئــەگـیرێ و ئـەدرێـتـەوە بــە هـەژارەكـانـیـان . جـا ئـەگـەر ئـەوان بـۆ ئـەوە گـوێ ڕایـەڵـیان كـردی ئاگـادار بـە لـەوەی باشـتـرینـي ماڵـیان لـێ بسـەنـی _یانی سـتـەم مـەكـە لـە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ماڵـی زەکاتـیان کـام ماڵـه باشـه ئـەو بـەری_ ، وە خۆت بپارێزەو بترسه لە داوای _دوعاو پاڕانـەوەی_ سـتەم لـێ کـراو . چـونکە لـە بـەینی داوای ئـەوو خـوا پەردە نیە _یانی ڕەت ناکرێتەوە ئەگات بە خوا _ . بوخاری و موسلیم گێڕاویەتیانەوە ) .
لـەو فەرمـودەش بۆمان دەر ئەکەوێ کە بانگەواز کار بۆ لای خوا ئەبێ چۆن بانگەواز بکاو لـە چـی دەسـت پـێ بکات . ئەبینین پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم معاذی کوڕی جبل ی هەڵبژارد بینێرێ بۆ یەمەن تا بانگەواز بکا چونکە معاذی کوڕی جبل زانا بوو لـە نـاو هاوەڵـەکان خوا لێ یان ڕازی بێ ، وە ئەبینین پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئاگاداری ئەکاتەوە بەوەی ئەینێرێ بۆ نەتەوەیەك کە خاوەن کتابن واتە شارەزان و کـتابی ئاسمانـیان هەیە ، بۆ ئەوەی معاذ خوا لێی ڕازی بێ خۆی ئامادە بکات و بزانێ چۆن بانگـیان بکـا ، ئـەوە ئـەبێ هەمـوو کەسێك کە بانگەواز ئەکا بۆ لای خوا شارەزا بێ لە ئیـسلام ئیـنجا شـارەزا بـێ لەوەی بەرامبەری تا بزانێ چ گومانێکـی هەیە خۆی بۆ ئامادە بکـات و بـزانێ بە چ شێوەیەك ئەتوانێ بانگەوازی ئیسلامـی پێ بگەیەنێ و گومانەکانی بڕەوێنێتەوە .
وە هەروەها لەو فەرمودە بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە ئەوەی بانگەواز بکا بۆ لای خوا ئەبێ لە چـیەوە دەسـت پێ بکات ، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی کرد بە معـاذ خـوا لێی ڕازی بێ کە یەکەم شت بانگیان بکا بۆ لای یەك خوا پەرستی و بە یەك کـردنی خـوا بـۆ لای لا اله الا الله بـۆ ئەوەی کە هیچ هاوبەش بۆ خوا بڕیار نەدەن و هەموو جـۆرەکانی پەرستن تەنها بۆ خوا ئەنجام بدەن ، ئەوە یەکەم شتێکە کە ئەبێ بانگەوازی بـۆ بکـەی نـەك سیاسـەت کـردن و حزبایەتی و خەڵك هاندان بۆ دژایەتی دەسەڵاتداران و کوشـتن و گۆڕینـیان ، ئیـنجا لـەپاش ئەوە ئەگەر وەریان گرت بانگیان بکا بۆ ئەوەی نوێژ بکەن پێنج نوێژ کە خوا لە سەر بەندەکانی دایناوە لە شـەوو ڕۆژێکا ، ئەوش بەڵگەیە کە لـە پـاش شاهێدی دان بە لا اله الا الله محمد رسول الله گەورەترین شت لە ئیسلام نوێژە ، وە پـێغەمبەری خـوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمانی پێ کرد لە پاش نوێژ کە وەریان گرت بانگیان بکا بۆ ئەوەی زەکاتی ماڵیان بدەن ئەویش هەر بۆ هەژارەکانی خۆیان چونکە زەکـات بـۆ پـێغەمبەری خـوا نـیە صـلی الله علـیه وعلی اله وسلم بەڵکو خوا زەکاتی بۆ پـێغەمبەری خـوا حەرام کردبوو وە بۆ ئەوانەش کە ئەهلی بەیتی پێغەمبەری خوان صلی الله علیه وعلی اله وسلم حەرامـە ، ئەبینین زۆرێك لەو سـەردەمە بەناوی ئەوەی ئەڵێن ئێمە نـەوەی پێغەمبەرین و سـەیدین ماڵی خەڵك ئەخۆن و داوای زەکات و خێریان لێ ئەکەن با بـزانن ئەوە ئاگر ئەخۆن ئەوە ئەگەر ڕاست ئەکەن نەوەی پێغەمبەرن صلی الله علیه وعلی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

الـــه وســـلم بـا لـه خـوا بترسـن و بشـزانن خـواى گـەورە لـە تاوانى كـەس نابورێ لـە بـەر ئەوەی خزمـی پـێغـەمبـەرە صلى الله عليه وعلى الـه وسلم . پـێغـەمبـەرمان صلى الله عليه وعلى الـه وســلم ئەفـەرمـوێ (ومـــن أبطأ بـه عملـه لم يسرع بـه نسبـه) موسـليم گێڕاويەتيەوە واتـە : ( كـەسێك بـە كردەوە پاش بكـەوێ و جێ بمێنێ ئەوە پێشـی ناخـا كـە كوڕی كێيـەو نەسـەبی چـيـە ) پـێغـەمبـەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسلم لـە سـەرەتای بانگـەوازی لـە مـەككـە ڕووی كـردە خزمـە نزيكـەكانی خـۆی فـەرموی : (... اشتروا انفسكم لا اغني عنكم من الله شيئا . يـا عباس بن عبدالمطلب لا اغني عنك من الله شيئا . يا صفية عمة رسول الله ، لا غني عنك مـن الله شيئا . يا فاطمة بنت محمد ، سليني من مالي ما شئت ، لا اغني عنك من الله شيئا ) بـوخاری گـێڕاويەتيەوە واتـە : ( ... خـۆتان بكـڕنـەوە _خـۆتان ڕزگـار بكـەن لـە سـزای خـوا_ من هـيچ سـودێـكـتان پـێ ناگـەيـنم لای خـوا . ئـەی عباس كـوڕی عبدالمطلب من هيچ سـودت پـێ ناگـەيـەنم لای خـوا . ئـەی صفية پوری پێغـەمبـەری خـوا . من هيچ سـودێكـت پـێ ناگـەيـەنم لای خـوا . ئـەی فاطمة كچـی موحـەمـەد صلى الله عليه وعلى الـه وسلم . داوام لـێبكـە لـەماڵم لـە هـەرشـتـێك ئـەتـەوێ . مـن هيچ سـودێكـت پـێ ناگـەيـەنم لای خـوا ) . ئـەمـە پێويستـە بزانين چـونكـە خـەڵكـانـێك پـەيدا بوون بـە ناوی ئـەوەی لـە نـەوەی پێغـەمبـەرن صلى الله عليه وعلى الـه وسلم خـۆيان بـە گـەورە تر ئـەزانن لـە خـەڵك و ماڵـی خـەڵك بـە ناهـەق ئـەخـۆن . خـەڵكـيش لـە بـەر خـۆشـەويستـی و ڕێزيان بۆ پێغـەمبـەری خـوا صلى الله عليه وعلى الـه وسلم زەكـات و سـەدەقـەيان بـۆ كـۆ ئـەكـەنـەوە نـازانن ئـەمـە حـەرامـە بۆ نـەوەی پێغـەمبـەری خـوا صلى الله عليه وعلى الـه وسلم كـە بيخـۆن جارێكيان حـسـن ی كـوڕی علـی خـوا لـێ يان ڕازی بـێ دەنكـە خورمايـەكـی خـسـتـە دەمـی لـە ماڵـی زەكـات ويسـتـی بيخـوا پێغـەمبـەری خـوا صلى الله عليه وعلـــى الـه وسلم فـەرمـوی : (كخ كخ ارم بها اما علمت انا لا ناكل الصدقة) واتـە : ( كـخ كـخ فـڕێی بدە ئـەی نـەت زانيوە كـە ئێمـە سـەدەقـە ناخـۆين ) بوخاری و موسـليم گـێڕاويەتيانـەوە . وە شتێكـی لـەوەش سـەير تر ئـەبينين ئـەوانـە كـە چـەواشـەی خـەڵك ئـەكـەن بـە ناوی ئـەوەی نـەوەی پـێغـەمبـەرن صـــلى الله علــيه وعلى الـه وسلم خـۆيان بـە گـەورە ئـەزانن و بـە سـوكـی سـەيری خـەڵك ئـەكـەن خـۆيان لـە خـەڵك جيا ئـەكـەنـەوە بـەوەی جلـی سـەوز لـە بـەر ئـەكـەن وە دەسـتيان درێـژ ئـەكـەن بۆ خـەڵك تا ماچـی بكـەن ئـەمـە ئـەو پـەڕی گـومڕاييـە پێغـەمبـەری خـوا صـــلى الله علـــيه وعلـــى الـه وسلم خـۆی بـە گـەورە نـە ئـەزانی خـۆی لـە خـەڵك جيا نـە ئـەكردەوە كـە ئـەهـات بۆ ناو خـەڵك كـەس لـە بـەری هـەڵ نـە ئـەستا چـونكـە پـێی ناخـۆش بوو نـەوەك دەسـتيـشـی درێـژ بكـا بۆ ئـەوەی ماچـی بكـەن ! هـاتووە لـە ئـەنـەس خـوا لـێـی ڕازی بـێ ئـەفـەرمـوێ : (ما كان شخص في الدنيا أحب إليهم رؤية من رسول الله صلى الله عليه وسلم ،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وكانوا لايقومون له لما يعلمون من كراهيته لذلك) واته : ( كەسێك نەبوو لای هاوەڵەکان خوا لێ یان ڕازی بێ کە پێیان خۆشتربێ بینینی لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسلم ، وە ئەوان لەبەر پێغەمبەری خوا هەڵنەئەستانەوە لەبەر ئەوەی ئەیان زانی کە پێی ناخۆشە ) بوخاری لە کتابی ادب المفرد وە ترمذی گێڕاویەتیانەوە و ئەلبانی ئەفەرموێ سەنەدەکەی (صحيح)ە ، وە هەر وەها پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (من أحب أن يتمثل له الناس قياما ؛ فليتبوأ مقعده من النار) رواه احمد وصححه الالباني في سلسلة الصحيحة ٣٥٧ واته : ( هەر کەسێك پێی خۆش بێ خەڵك بۆی هەڵسنە سەرپێ ئەوە با شوێني خۆی لە ئاگر ئامادە بکات ) . وە ئەگەر کەسێك بهاتبا بۆ لای پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم کە ئەهات نەی ئەزانی کامە پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم چونکە ئەو لە ناو مەجلیس خۆی جیا نە ئەکردەوە لە هاوەڵەکانی نە بە جل و بەرگی سەوز نە بەوەی لە سەر هەمویانەوە دانیشێ وەك لەم فەرمووودەیە دەر ئەکەوێ کە ئەنەسی کوڕی مالك خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( بينما نحن جلوس مع النبي صلى الله عليه وعلى اله وسلم في المسجد دخل رجل على جمل فأناخه في المسجد ثم عقله ثم قال لهم أيكم محمد والنبي صلى الله عليه وسلم متكئ بين ظهرانيهم فقلنا هذا الرجل الأبيض المتكئ فقال له الرجل ......... ) واته : ( ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە مزگەوت دانیشتبوین پیاوێك بە سەر وشترەوە هاتە ناو مزگەوت ، وشترەکەی لە ناو مزگەوت یخ کرد و بەستایەوە پاشان پێی وتن کامەتان موحەممەدن ، پێغەمبەریش صلى الله عليه وعلى اله وسلم پاڵی دابوو لە بەینی هاوەڵەکانی وتمان ئەو پیاوە سپیە کە پاڵی داوە پێغەمبەرە صلى الله عليه وعلى الـه وسلم ئینجا ئەو پیاوە وتی ..........) بوخاری گێڕاویەتیەوە ، ئەبینین ئەو کەسە نەیتوانی بزانی کامەیان پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وعلى اله وسلم چونکە نە لە جل وبەرگ و نە لە دانیشتني جیاوازی نەبوو لە گەڵ هاوەڵەکانی وە نەبێ لەسەرەوەی مەجلیس دابنیشێ و خەڵکیش بە دەوریەوە وەستابن نا ئەوە ڕەوشتی پێغەمبەری خوا نەبووە صلى الله عليه وعلى اله وسلم وە ئەبینین و دەرئەکەوێ لەو فەرمودە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم جلی سپی لە بەر دا بووە نەك بە سەوز خۆی جیا کردبێتەوە جا تۆ بڵێی کەسێك هەبێ خۆی لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە باشتر بزانێ !؟ دیارە ئێمە ئەزانین کە ئەهلی بەیتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەزلیان هەیەو ئەبێ خۆشمان بوێن لەبەر ئەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (...وأهل بيتي أذكركم الله في أهل بيتي أذكركم الله في أهل



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بيتـــي أذكركم الله في أهل بيتي) واتــه : ( ...... وه ئههلـى بهيتـى من خـواتان بير ئهخـهمـهوه لـه ئههلـى بهيتـى من _سـێ جاران واى فـهرمـوو_ ) مـوسـليـم گـێراويهتيـهوه . بـهڵام ئهوانهى كـه لهسـهر ڕهوشــت و ديـنـي پـێغـهمبـهرن صـــلى الله عليه وعلى اله وسلم سـوننهتـهكـانى جـێ بـهجێ ئهكــهن نهوهك ئهوانهى لـه سـهر ڕهوشـتـى ابو لـهب بن كـه خـۆيان بـه گـهوره بزانن و شـوێـنـي ديـنـهكـهى پـێغـهمبـهرى خــوا صـــلى الله عليه وعلى اله وسلم نـهكـهون و واش بزانن پلـهيان لـه خـهڵك بـهرز تره ئهوه نيه ابو لـهب مامـى پێغـهمبـهرى خوايه صلى الله عليه وعلى الـــه وســـلم كـهچـى تـا ڕۆژى دوايــى نهفـرهتى خـواى لـه سـهرهو لـه قـورئانا سـورهتيك دابـهزى لهسـهرى و خـواى گـهوره مـوژدهى ئاگرى پێدا . جا ئهوهى ئهيهوێ با وهك پێغـهمبـهر صلى الله عليه وعلى اله وسلم بێ تا خـۆشـمـان بوێ و ڕێزى بگـرين . وه ئهوهى ئهشيـهوێ وهك ابو لـهب بـێ ئهوه تاوانى لـهسـهر خـۆيهتى و خـزمايهتى پێغـهمبـهرى خـوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم سـودى پێ ناگـهيهنێ .

وه خـهڵكـانێكـى تر پهيدا بوون لـهوانهى حيزبايهتى ئهكـهن بهناوى زهكـات پاره كـۆ ئهكـهنهوه و سـواڵ لـه خـهڵك ئهكـهن با بزانن ئهگـهر ڕاسـت ئهكـهن شـوێنـي پێغـهمبـهرى خـوا ئهكـهون صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئهوه پێغـهمبـهرى خـوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم شـتـى واى نهكـردووه . زهكـاتـيـش لـه دهوڵهمهنـدهكـان وهر ئـهگـيرێ و ئـهدرێ بـه هـهژارهكـان بـێ ئهوهى منهتـيـان بهسـهر بكـرێ و داواى ئـهوهيان لـێ بكـرێ كـه دهنـگ بـۆيان بـدهن و بـێـنه نـاو حزبهكـانيان ئيتر شـهرم لـه خـوا بكـهن ئهگـهر چاكـهيهكـتان كـرد لـه گـهڵ خـهڵكـا ئهوه داواى پاداشـتـيان لـێ مهكـهن بۆ خـوا بيكـهن وه سـواڵ كـردنيش پيشـهى ئهوانه نيه كـه بانگـهواز بۆ خـوا ئهكـهن و شـوێنـي پێغـهمبـهران عليهم الصلاة والسلام ئهكـهون خـواى بهرز ئهفـهرموێ : {قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُتَكَلِّفِينَ} ص ٨٦ واتــه : ( _ئهى پێغـهمبـهرى خـوا_ بڵـێ مــن داواى پاداشــتـان لــێ ناكــهم لهســهر ئهو بانگـهوازهم وه من لـهوانه نيم كـه شـت لهخـۆمهوه زياد بكـهم تهنها ئهوه ئهڵێم كـه لـه لايهن خـوا بۆم هاتووه زياتر ناڵێم بۆ ئهوهى زهحـمـهت بخـهمـه سـهر خـهڵك ) وه خـواى بـهرز ئهفـهرموێ : {وَجَاء مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَى قَالَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ . اتَّبِعُوا مَن لاَّ يَسْأَلُكُمْ أَجْراً وَهُم مُّهْتَدُونَ} يس ٢٠-٢١ واته : ( وه پياوێـك لــهو ســهرى شـارهوه هات بـه پهلـه وتى ئهى نهتهوهكـهم شـوێنـي نێردراوهكـانى خــوا بكـهون . شـوێنێ ئهوانه بكـهون كـه داواى كـرێ و پاداشـتان لێ ناكـهن و لـهسـهر ڕێگـاى ڕاســت و هــيدايهتن ) ئهمــه لــه ســورهتى يس كـه خـواى گـهوره باسـى ئهوهمان بۆ ئهكـات پـێغـهمبـهرانى بـۆ خـهڵكــى لادێـيـهك نـاردووه ئهوانـيش بــه درۆيـان خــسـتـونهتهوه بــهڵام كـهسـێكـى دڵـسـۆز لـهوان كـه بڕواى بـه پێغـهمبـهران عليهم الصلاة والسلام هێنا ئامـۆژگـارى



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کـردن وتی : ئـەی نەتەوەکـەم شـوێنی پێغـەمبەرانی خوا بکـەون شـوێنی ئەوانە بکـەون کـە داوای پاداشـتان لـێ ناکـەن وە لـەسـەر ڕێگـای هیدایەتن ڕێگـای ڕاسـت . ئێمەش ئەڵێین ئەی نەتەوەکـەمان شـوێـنی ئەوانـە بکـەون کـە لـە سـەر ڕێـگـای پێغەمبەرانن علیهم الصلاة والسلام لـە گـەڵ ئەوەش داوای پاداشـتان لـێ ناکـەن لـەوەی پارە یان بۆ کۆ بکـەنەوەو دەنگیان بۆ بدەن یان بچنە ناو حزبەکـانیان !

مـن بۆیە لێرە ئەم باسـەم درێژ کـردەوە چونکـە یەکـەم : ئەمە واقیعـەو هـەیە نابێ خۆمانی لـێ بـێ ئاگا بکـەین . دووەم : لە بەر ئەوەی خـەڵکـانێك نەفامـی و تاوانی ئەمانە ئەکـەن بە بەڵگـە بـۆ تانـە دان لـە ئیـسلام بەڵام سوپاس بۆ خوا کـە ئیسلام لـێ یان بەریە و کـەس ناتـوانێ بـە بەڵگـەی ڕاسـت تانە با لە ئیسلام چونکـە ئیسلام دینی خوایەو ڕەحـمەتە بۆ خـەڵك هاتووە بۆ خێرو خۆش گـوزەرانی خـەڵك لـە دونیاو سـەرفرازیان لـە قیامەت .

وە هـەر لـەو فـەرمودەش بۆمان دەرکـەوت کـە نابێ سـتـەم کـار بین و خـۆمان بخەینـە ژێر دوعاو پاڕانەوەی سـتـەم لێکـراو چونکـە خوا لێـی وەرئەگـرێ و ڕەت ناکـرێتەوە .

[ولهمـــا عن سهل بن سعد رضي الله عنه، أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال يوم خيبر: (لأعطـــين الراية غداً رجلاً يحب الله ورسوله، ويحبه الله ورسوله، يفتح الله على يديه. فبات الـــناس يدوكـــون ليلتهم أيهم يعطاها. فلما أصبحوا غدوا على رسول الله صلى الله عليه وسلم كلهم يرجو أن يعطاها. فقال: (أين علي بن أبي طالب؟) فقيل: هو يشتكي عينيه، فأرسلوا إليه، فأتـــى به فبصق في عينيه، ودعا له، فبرأ كأن لم يكن به وجع، فأعطاه الراية فقال: (انفذ على رســـلك حتى تنزل بساحتهم، ثم ادعهم إلى الإسلام وأخبرهم بما يجب عليهم من حق الله تعالى فيه، فوالله لأن يهدي الله بك رجلاً واحداً، خير لك من حمر النعم). يدوكون: يخوضون.] واتـە : ( وە هـەر بـوخاری و موسـلیم گـێڕاویەتیانەوە لە سـهل کـوڕی سعد خوا لێـی ڕازی بێ کـە پـێغـەمبەری خــوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لـە ڕۆژی _غـەزای_ خـەیبەر فـەرموی : ئاڵای _جـەنگ_ دەدەمـە پیاوێـك بـەیانی کـە خــواو پـێغـەمبەرەکـەی خــۆش ئـەوێ ، وە خــواو پـێغـەمبەرەکـەی خۆشـیان ئـەوێ . خـوا لـەسـەر دەسـتی ئەو سـەرکـەوتن ئەهێنێ بە ڕزگـار کـردنی خـەیـبەر . خـەڵك ئـەو شـەوەیان بە سـەربرت بەوەی مشـت و مڕیان ئەکـرد لـەسـەر ئـەوەی کـامـەیان ئاڵاکـە وەر ئەگـرێ . کـە بەیانی بە سـەریانا هات چوون بۆ لای پێغـەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هـەمویان ئومێدیان بوو کـە ئاڵاکـە وەربگـرن . پێغـەمبەری خــوا صـــلى الله علـــيه وعلـــى اله وسلم فـەرموی : کـوانێ علی کـوڕی ابی طالب ؟ وتیان ئەو چـاوەکانی دێـشێ _نەخۆشـە بۆیە ئامادە نیـە_ . ناردیان بە دوای ، وە هێنایان پێغـەمبەری خــوا صـــلى الله علـــيه وعلـــى الـــه وسـلم تفـی_لـیك و ڕیقی موبارەکـی_ خسـتە سـەر چـاوەکانیەوە ، وە دوعـای بـۆ کـرد _لە خوا_ ، چاك بویەوە هەروەك هیچ ئێشـی نەبوبێ ،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئیـنجا ئالاكـەی دایـە دەسـت و فـەرمـوی : برۆ لـەسـەر خـۆ هـەتا ئەگـەیتە ناویان _ئەگـەیتە دەورو بـەری ماڵـەكـانـیان _ ، پاشـان بانگـیان بكـە بـۆ لای ئیـسلام وە هـەوالـیان پـێ بدە دەربـارەی ئـەوەی لەسـەریانە _واجبە_ لە مافی خوا لە ئیسلام . واللە ئەگـەر خوا بە هۆی تـۆ یـەك كـەس ڕێـنمویی _هـیدایەت_ بدا ، باشـترە _خێری زیاترە_ بۆت لە وشـتری سۆر _كـە چاكترینی ماڵی عەرەب بوو ئەو سـەردەمە_ . [ یدوكون : واتە : یخوضون _ مشت و مڕیان ئەكرد ] ) .

لــەو فەرمــودەش بـۆمان دەرئەكـەوێ كـە بانگـەواز كردن بۆ لای خوا چ فـەزل و پاداشـتێكـێ گـەورەی هـەیە لای خـوا وە بۆ مـان دەر ئەكـەوێ كـە پێغـەمبـەری خـوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بـۆ مـاڵ و سـەروەت و ئـەرز و نیشـتیمان شـەڕی لەگـەڵ كـافرەكـان نەكـردووە بـەڵكـو بۆ خــوا ، بـۆ ئەوە بووە كە بانگـەوازی ئیسلام بگـەیەنێ بۆیە فەرمانی كرد بە علی كـوڕی ابی طالــب خــوا لــێی ڕازی بــێ كــەوا پێش ئەوەی هێرش بكـاتە سـەر جولـەكـەكـان لە خـەیبـەر بانگـیان بكـا بـۆ لای ئیـسلام ، وە پـێغـەمبـەری خــوا صـــلی الله علیه وعلی اله وسلم هانی موسـڵمانانی دا بـەو فەرمـودەیە كـە فـەرموی : ئەگـەر خوا بە هۆی تۆ كـەسێك ڕێنمویی بكــات بـۆ ئیـسلام چـاكـترە بـۆت لــە وشــتری ســۆر ، وشــتری سـۆر بە نرخترین ماڵی ئـەو ســەردەم بــوو ، لـەبەر ئەوە موسڵمان ئەبێ كـەمتەرخـەمی نـەكـا لە بانگـەواز كردن بۆ لای خــوا و بـڵاو كــردنەوەی دینی ئیـسلام چـونكـە هـەر كـەسێك سـود لە بانگـەوازەكـەت ببینێ بەهــۆی تــۆ شـتـێك لـە ئیـسلام فێر ببێ ئەوە پاداشـتـەكـەی بۆ تۆیە بێ ئەوەی لە پاداشـتی ئــەو كـەم بێت ، لە فـەرمودەی تری پێغـەمبـەری خـواش صلی الله علیه وعلی اله وسلم هاتووە : (من دعی الی هدی كان له من الاجر مثل اجور من تبعه لا ینقص ذلك من اجورهم شیئا ) رواه مــسلم واتــە : ( هــەر كـەســێ بانگــەواز بكـا بۆ ڕێگـای هیدایەت ئەوە پاداشـتی هـەیە هــەروەك پاداشـــتی ئـەوانــەی شـوێـنی ئـەكـەون وە ئەوە هیچ لە پاداشـتیان كـەم ناكـا ) وە : (مــن دل علی خیر فله مثل أجر فاعله) رواه مسلم واتـە : ( هـەر كـەسـێ نیشـان دەری خێرێك بــێ ئەوە پاداشـتی هـەیە وەك ئـەوەی خێرەكـە ئـەكـات ) وە : (إن الله وملائكته وأهل السموات والأرضــین حتــی الــنملة فــي جحرها وحتی الحوت لیصلون علی معلم الناس الخیر) رواه الترمذي وصححه الالباني واتــە ( خـوا وە فریشـتـەكـانی وە خـەڵكـی ئاسـمانـەكـان و زەویـەكـان هـەتـتاوەكـو مـێرولـەش لــە كــونـەكـەیا _لـەژێر زەوی_ وە هـەتتاوەكـو ماسـی سـلاوات ئـەدەن لەسـەر ئـەو كـەســەی خــەڵك فێری خێر ئـەكـات ) . شـتـێكـی تریش گـرنگـە باسـی بكـەین پــێغـەمبـەری خــوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فــەرمانی كـرد بە علـی كـوڕی ابی طالب خـوا لێی ڕازی بێ جولـەكـەكـان بانگ بكـا بۆ لای ئیسلام نەوەك بۆ لای هیچ شـتێكـی تر ، بانگـی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەکردن بۆ هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتی . دیارە مەبەست لە ئیسلامیش ئەو دینەیە کە خوای بەرز لە ئاسمانەوە بۆ پێغەمبەری صلى الله عليه وعلى اله وسلم دابەزاندووە کە بریتیە لە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم . قورئان دیارە فەرمودەی خوایە . فەرمودەکانی پێغەمبەریش صلى الله عليه وعلى اله وسلم هەر لە لایەن خواوە دابەزیوە . خوای بەرز ئەفەرموێ : { وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى . إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى} النجم ٣_٤ واتە : ( پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە ئارەزوو قسە ناکا بەڵکو قسەکانی وەحیە لە لایەن خواوە بۆی یەت ) . ئەوە گرنگە بیزانین بۆ ئەوەی هەر کەسێك بانگەواز بکا بەناوی ئیسلام بزانین ڕاست ئەکات یان نا ئەگەر بانگەواز بکا بۆ ئەوەی لە قورئان و فەرموەدەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هاتووە ئەوە بڕوای پێ ئەکەین چونکە ئیسلام تەنها بەوە ئەوترێ کە لە قورئان و سونەتی ڕاستی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هاتووە . وە هەر کەسێك بانگەواز بکا بە ناوی ئیسلام بەڵام بانگی خەڵك بکا بۆ لای شتێ کە نە لە قورئان و نە لە سوننەتی ڕاستی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەبێ وەك ئەوانەی بانگەواز ئەکەن بۆ حیزبایەتی و داوا ئەکەن لە شوێنکەوتەکانیان بەیعەتیان بدەنێ و لە گوێ ڕایەڵیان دەرنەچن . ئەوە ئەتوانین زۆر ئاسان پێیان بڵێین ئەگەر ئەوە لە ئیسلام هەیە فەرموو بەڵگەمان بۆ بێنن لە قورئان و سوننەتی ڕاستی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم . ئەگەر نەتوانن کە ناشتوانن ! ئیتر ئەڵێین بەناوی ئیسلام خەڵك فریو مەدەن هەر ناوێك لە خۆتان بنێن باشترە لەوەی بوختان بۆ دینی خوا هەڵبەستن خوای بەرز ئەفەرموێ : {وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَى إِلَى الْإِسْلَامِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} الصف٧ واتە : ( کێ هەیە لەو کەسە ستەم کارتربێ کە بوختان و شتێ هەڵ ئەبەستێ لەسەر خوا بە درۆ وە ئەویش بان ئەکرێ بۆ ئیسلام خواش هیدایەتی قەومێکی ستەم کار نادات ) . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {قَالَ لَهُم مُّوسَى وَيْلَكُمْ لَا تَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ كَذِباً فَيُسْحِتَكُمْ بِعَذَابٍ وَقَدْ خَابَ مَنِ افْتَرَى } طه٦١ واتە : ( وە موسی پێی وتن هیلاکی بۆ خۆتان بوختان مەکەن بە درۆ لە سەر خوا شتێ پاڵ مەدەنە لای خوا کە نەیفەرمووە وابکەن توشی سزاتان ئەکات وە دۆڕاوە ئەوەی بوختان هەڵئەبەستێ ) .

شتێکی تر لەم فەرمودە ئەبینین هاوەڵە بەڕێزەکان هەمویان پێیان خۆش بووە کە ئاڵاکە وەربگرن دیارە ئەوە لەبەر ئەوە نەبووە کە حەزیان بەوەبێ ببن بە سەرکردەو کاربەدەست . بەڵکو بۆ ئەوە بوو کە بەو خێرە بگەن کە بەرزترین پلەیە بۆ بڕوادار ئەویش خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وعلى اله وسلم . لەبەر ئەوە ئەو شەوە هەر لە باسی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوەدا بوون ئەبێ کامیان وەری بگرێ ئەم فەزلەی بەرکەوێ کە شاهێدی دانی پێغەمبەری خوایە صلى الله علیە وعلى الە وسلم بۆی کە خواو پێغەمبەری خۆش ئەوێ ، وەخواو پێغەمبەریش صلى الله علیە وعلى الە وسلم خۆشیان ئەوێ . لەبەر ئەوە هاتووە لە عمری کوڕی خطاب خوا لێی ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( ما احببت الامارة الا یومئذ ) واتە : ( قەت سەرکردەییم پێ خۆش نەبووە ئیللا ئەو ڕۆژە نەبێ ) موسلیم گێڕاویەتیەوە . بەڵام ئەمڕۆ ئەبینین کە ئێمە لە زەمەنێکین خەلك ڕائەکات بەدوای کورسی و خۆی بۆ زەلیل ئەکات و دینەکەی ئەخاتە مەترسیەوە بۆی خوا پەنامان بدات .

## ڕەوشتی بانگەوازکاران بۆ لای خوا و بنچینەکانی بانگەواز بۆ لای خوا

پاش ئەوەی بۆمان دەرکەوت کە بانگەواز کردن بۆ لای خوا ڕێگای پێغەمبەرە صلى الله علیە وعلى الە وسلم وە ڕێگای ئەوانەیە بە ڕاستی شوێنی ئەکەون ، ئەبێ بزانین بانگەوازکاران بۆ لای خوا ئەبێ ئەو ڕەوشتە بەرزانەیان تێدا بێ کە ئەبێتە هۆی سەرکەوتنیان و بڵاو بونەوەی بانگەوازەکەیان . وە ئەبێ لە بنچینەکانی بانگەواز کردن بۆ لای خوا دەرنەچن . بۆ ئەمەش ئەبێ پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بکەن بە مامۆستاو چاو ساغی خۆیان و شوێنی ئەوان بکەون لە بانگەواز کردنیان بۆ لای خوا . ئەزانین کە خوای بەرز ئەفەرموێ : {لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيراً} الاحزاب ٢١ واتە : ( بۆ ئێوە چاو لێکەریەکی باش هەیە لە پێغەمبەری خوا صلى الله علیە وعلى الە وسلم تا سەیری بکەن و چاو لە کردەوەکانی ئەو بکەنەوەو شوێنی بکەون بۆ ئەو کەسانەی کە تەمای وە ئومێدی پاداشتی ڕۆژی دوایان هەیە وە زۆر یادی خوا ئەکەن ) . جا ئێستا چەند شتێك باس ئەکەین کە لە ڕەوشتی پێغەمبەران علیهم الصلات والسلام بووە لە بانگەواز کردنیان بۆ لای خوا وە بانگەوازەکەیان لەسەری دامەزرابوو ، وە هۆی سەرکەوتنیان بوو لە دونیاو لە دوا ڕۆژ .

١ـ زانست : ئەو کەسەی بانگەواز ئەکا بۆ لای خوا پێش هەموو شتێ ئەبێ زانا بێ بەو شتەی بانگەوازی بۆ ئەکا . ئەبێ شارەزا بێ لە ئیسلام و بتوانێ بە بەڵگە و چاو ڕۆشنی خەڵك بانگ بکا نەك بە کوێرەیی خوای بەرز ئەفەرموێ : { قل هذه سبيلي أدعوا الى الله على بصيرة أنا ومن اتبعني وسبحان الله وما انا من المشركين } یوسف ١٠٨ على بصيرة : مەبەست زانستە زانستێك کە دوودڵی و گومانی لەگەڵ نەبێ . وە خوای بەرز ئەفەرموێ : {ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ} النحل ١٢٥ واتە : ( بانگەواز بکە بۆ لای ڕێگای پەروەردگارت بە حیکمەت ـ بە زانست و نەرمو نیانی و کار بەجێیی بەوەی هەر شتەو لە شوێنی خۆی باس بکەی ـ وە بە ئامۆژگاری چاك ـ بە خوا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بیانترسـێنەو باسـی پاداشـت و سـزای خـوایان بـۆ بکـە_ وە بـە چاکترین شـێوە حیوارو موناقەشـەیان لـە گـەڵ بکـە _بۆ ڕەواندنەوەی گومانەکانیان_ ) . چونکـە ئەو خەڵکەی بەرامبەریان ئەبیتەوە بانگیان ئەکـەیت بـۆ لای خـوا گومانیان هەیە و دیارە بە زانست نـەبێ چـۆن جیدالـیان لـە گەڵ ئەکـەیت و بەڵگەکانیان بۆ ڕوون ئەکەیتەوە . لەبەر ئەوە پێش هەموو شتێك زانست و شارەزابوون لە ئیسلام کلیلی بانگەواز کردنە بۆ لای خوا.

٢_ کارکـردن بـەوەی خـەڵکـی بـۆ بـانگ ئەکـەیت و ئەیزانی : دیارە ئەمەش زۆر گرنگە ئەو کەسـەی بانگـەوازی خـەڵك ئەکات پێشی خـەڵك خۆی کار بکا بەو زانستەی هەیەتی و خەڵکـی بـۆ بـانگ ئەکات . ئەوەش ڕەوشـتی پێغەمبەران بووە علیهم الصلاة والسلام خوای بـەرز ئەفەرمـوێ دەربارەی شعیب علیه الصلاة والسلام : {وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ} هود ٨٨ واتـە : ( وە من نامەوێ خۆم موخالەفەتان بکەم لەوەی ڕێگریتان لێ ئەکەم بـە ئـێوە بڵـێم مەیکـەن خۆشم بیکـەم ) . وە خـوای بەرز بە پێغەمبەرمان صلی الله علیه وعلـی اله وسلم ئەفەرمـوێ : {قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ . لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ} الانعام ١٦٢_١٦٣ واتـە : ( ئـەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بڵـێ نوێژەکانم وە سـەربڕینی ئاژەڵ و قوربانیم وە هەموو ژیان و مردنیشـم بـۆ خـوای پـەروەردگارو خـاوەنی هەموو جیهانیانە . کە هیچ هاوبەشی نیە وەبـەوە فـەرمانم پـێکراوە وە مـن یەکـەم کەسـێکم موسـڵمان ئـەبم و تەسـلیم بـە فەرمانـەکانی خـوا ئـەبم ) . وە خـوای بـەرز ئەفەرموێ : {وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ} فصلت ٣٣ واتە : ( وە کـێ هەیە قسـەو کردەوەی لەو کەسـە جوانتـر بـێ کـە بانگەواز ئەکا بۆ لای خوا وە کردەوەی چاك ئەکات _خۆی چاکە ئـەکات پـێش ئـەوەی خـەڵك بـانگ بکـا_ وە بـشڵێ مـن لـە موسڵمانانم مل کەچم بۆ فەرمانەکانی خوا ) .

٣_ ئـیخلاس و مەبەسـت بـونی ڕەزامەندی خوا لە بانگەواز کردن : ئەو کەسەی بانگەواز ئـەکا ئـەبێ تـەنها بـۆ خـوا بـیکات و مەبەسـتی تەنها ڕەزامەندی خوا بێ نەك دەست کـەوتنی دونـیاو پەیـدا کـردنی ناوبـانگ و کـۆ کـردنەوەی دەنگ بۆ حیزبێك و گەیشتن بە دەسـەڵات و کورسـی . وە نـابێ مـنەت بکەیـتە سەر خەڵك و داوای پاداشتیان لێ بکەی پـێغەمبەران علـیهم الـصلاة والـسلام داوای پاداشـتیان لـە کـەس نەکردووە خوای بەرز ئەفەرمـوێ : (قُـلْ لاَّ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْراً إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرَى لِلْعَالَمِينَ) الانعام ٩٠ وە (وَيَا قَوْمِ لا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مَالاً إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللّهِ) هود ٢٩ وە بـا بزانین پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إن الله عز وجل لا یقبل من العمل إلا ما کان له خالصا و ابتغي



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بــــه وجهـــه) السلسة الصحيحة ٥٢ واته : ( خـواى عـز وجـل هـيـچ كـردەوەيـەك وەر ناگـرىَ ئيللا ئەوەى كـه تـەنـها بۆ ئەو بىَ بـه ئيـخـلاس وە مـەبـەسـت پـێـى ڕووى ئـەو بـوبـىَ ) .

٤_ دەسـت پـێـكـردن لــه گـرنـگ تـريـن شـتـەوە پـاشـان بۆ گـرنـگ تـريـن : ئـەوەى بـانـگـەواز بـكـا بـۆ لاى خــوا ئــەبــىَ لــه گــرنـگ تـريـن شـتـەوە دەسـت پـىَ بـكـا ئـەويـش ڕاسـتـكـردنـەوەى بـيـرو بـاوەڕو گـەيـانـدنـى يـەك خـوا پـەرسـتـى و ئـاگـادار كـردنـوەى خـەڵـك لـه هـاوبـەش دانـان بـۆ خـوايـه . هـەمـوو پـێـغـەمـبـەران عـلـيـه الـصـلاة والسلم لـەمـەوە دەسـتـيـان پـىَ كـردووه بـانـگـەوازەكـەيـان لـەسـەر ئـەمـە بـنـيـات نـاوە خـواى بـەرز ئـەفـەرمـوىَ : {وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ } النحل ٣٦ وە ئـەفـەرمـوىَ : {وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ } الانبياء ٢٥ وە كـه پـێـغـەمـبـەرى خـوا صلى الله عليه واله وسلم معـاذى خـوا لـێـى ڕازى بـىَ نـاردە يـەمـەن فـەرمـانـى پـىَ كـرد يـەكـەم شـت بـانـگـيـان بـكـا بـۆ شـەهـادەى لا اله الا الله پـاشـان نـوێـژ و پـاشـان زەكـات _ئـەو فـەرمـودەمـان بـاس كـردووە پـێـشـتـر_ .

ديـارە ڕێـگـاى پـێـغـەمـبـەرى خـوا صـلـى الله عليه وعلى اله وسلم بـۆ ئـێـمـه بـاشـتـريـن ڕێـگـايـه ئـەبـيـنـيـن پـێـغـەمـبـەرى خـوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم لـه ژيـانـى پـێـغـەمـبـەرايـەتـى يـەكـەم شـت خـەڵـكـى بـانـگ ئـەكـرد بـۆ لاى لا اله الا الله سـيـانـزە سـاڵ لـه مـەكـكـه مـايـەوە خـەڵـكـى بـانـگ ئـەكـرد بـۆ لاى ئـەو كـەلـيـمـەيـه ئـاگـادارى ئـەكـردنـەوە و نـەهـى لـىَ ئـەكـردن لـەوەى هـاوبـەش بـۆ خـوا بـڕيـار بـدەن وە فـەرمـانـى پـىَ ئـەكـردن بـه تـەنـهـا پـەرسـتـنـي خـواى بـەرز . لـه پـاشـان ئـيـنـجـا فـەرمـانـى پـىَ كـردن بـه نـوێـژو بـاقـى شـەريـعـەتـى ئـيـسـلام وە تـا مـردنـى هـەر بـەردەوام بـوو لـه سـەر بـانـگـەواز كـردنـى بـۆ لاى يـەك خـوا پـەرسـتـى و ئـاگـادار كـردنـەوەى خـەڵـك لـه هـاوبـەش دانـان بـۆ خـوا تـەنـانـەت لـەسـەرە مـەرگـا ئـاگـادارى مـوسـڵـمـانـانـى ئـەكـردەوە لـەوەى تـوشـى هـاوبـەش و هـۆيـەكـانـى هـاوبـەش دانـان بـۆ خـوا بـبـن ئـەيـفـەرموو صلى الله عليه وعلى اله وسلم : ( لعنة الله علـى الـيهود والنـصارى اتخذوا قبور انبيائهم مساجد) متفق عليه واتـه : ( نـەفـرەتـى خـوا لـه جـولـەكـەو ديـانـەكـان گـۆڕى پـێـغـەمـبـەرەكـانـيـان كـرد بـه مـزگـەوت ) . بـۆ ئـەوەى خـەڵـك تـوشـى ئـەوە نـەبـن كـەتـوشـى ئـەوان هـاتـووە .

٥_ ئـارام گـرتـن ( الصبر ) : ئـەبـىَ ئـەو كـەسـەى بـانـگـەواز ئـەكـا بـۆ لاى خـوا خـۆ ڕاگـر بـىَ و ئـەو نـاخـۆشـيـانـەى ديـتـه پـێـشـى لـه بـانـگـەوازەكـەى ئـارامـى لـه سـەر بـگـرىَ . چـونـكـه ڕێـگـاى بـانـگـەواز كـردن بـۆ خـوا بـەگـوڵ نـەچـێـنـدراوە . بـەڵـكـو ڕێـگـايـەكـى زەحـمـەتـەو تـوشـى ئـازارو ئـەشـكـەنـجـه ئـەبـيـت لـه سـەرى ئـەوە ڕێـگـاى پـێـغـەمـبـەرانـە عليهم الصلاة والسلام كـه هـەر پـێـغـەمـبـەرێـكـيـش ئـەزانـيـن تـوشـى نـاخـۆشـى و ئـازار بـووە بـه دەسـتـى نـەتـەوەكـەى و بـه هـەمـوو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شـێوەیەك دژایەتـیان كــردووە و ناوو ناتۆرەیان بۆ هەڵبەسـتاوەو گاڵتـەیان پێ كـردووە خـوای بــەرز ئەفـەرمـوێ : {وَمَا يَأْتِيهِم مِّن رَّسُولٍ إِلاَّ كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ} الحجر ١١ واتــە : ( وە هـەر پـێغـەمبەرێكیان لــە لایــەن خواوە بۆ بێت ئیللا گاڵتەی پێ ئەكـەن _كافرەكان لە هەموو قەومەكـان_ ) . وە خـوای بەرز ئەفەرموێ : {وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُوا عَلَى مَا كُذِّبُوا وَأُوذُوا حَتَّــى أَتَاهُمْ نَصْرُنَا} الانعام ٣٤ واتــە : ( وە پێش تۆ پێغـەمبـەران بە درۆ خراونەتەوەو ئارامــیان گــرتووە لەســەر ئــەوەی كە قەومەكانیان بە درۆیان ئەخستنەوە وە توشی ئازار بوون قەومەكـانیان ئازاریان پێ گـەیاندن _بە كـوشـتن و دەربەدر كردن و بوختان هەڵبەسـتان بۆیان و هەموو جۆرە ئازارێك_ تا وەكو سەركـەوتنی ئێمەیان _خوایان_ بۆهات ) . وە خـوای بەرز ئەفەرموێ : { وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوّاً مِّنَ الْمُجْرِمِينَ } الفرقان ٣١ واتە : ( وە ئاوا بۆ هەموو پێغـەمبەرێك دوژمنمان داناوە لە موجریمەكـان ) . ئیتر ئەوەی ئەو رێگـایە بگرێ كـە پـێغـەمبەرانی علــیهم الــصلات والــسلام لــە ســەر بــوون توشــی ئــەوە ئەبێ كە توشی پـێغـەمبەران علیهم الصلاة والسلام هاتــووە لە بەر ئەوە ئەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێ چۆن ئــەبێ وەك پــێغـەمبەران علــیهم الــصلاة والسلام بانگــەواز بــۆ لای خوا بكـەین ئەبێ وەك ئەوانیش لە بەر خوا ئارام بگرین بۆ ئەوەی خوا لە خۆمان ڕازی بكـەین.

٦_ خــۆ ڕازاندنــەوە بــە ڕەوشــتی جوان و نەرم و نیانی : ئەو كـەسـەی بانگـەواز ئەكا بۆ لای خــوا لــە ســەریەتی خۆی برازێنێتەوە بە ڕەوشـتی جوان و نەرم و نیان بێ لە قسـەو ڕەفتاریا چــونكە ئــەوە هــۆیەكە بــۆ وەرگــرتنی بانگەوازەكــەی وە گــوێ ڕاگــرتنی خەڵك لێی ، وە ئــەوەش ڕەوشــتی پــێغـەمبەران بــووە علــیهم الــصلاة والــسلام خــوای بــەرز بــە خاتەمی پێغەمبەران صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ {فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ اللّهِ لِنتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنتَ فَظّاً غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ} ال عمران ١٥٩ واتە : ( بە ڕەحمەت لە لایەن خواوە تۆ بــۆیان نــەرم و نــیان بویــتە ئەگـەر تۆ تورەو توندو دڵ ڕەق بویتایە ئەوە دەورتیان چۆل ئەكرد لەگـەڵت نەئەمان ) . وە خـوای بەرز ئەفەرموێ : {وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ } القلم ٤ واتە : ( وە تــۆ لەسـەر ڕەوشـتێكـی بەرزی ) . وە خـوای بەرز كـە موسـای عليه الصلاة والسلام نارد بۆ لای گـەورەتـرین تــاوان بــاری ئــەو ســەردەمە كە مل هوڕیەكـەی لە سنور نەمابوو بانگـەشـەی ئــەوەی ئەكرد كـە خوایەو خەڵك ئەبێ بیپەرستن پەنا بە خوا ئەویش فیرعەون بوو ، بەلام خــوای بــەرز فــەرمانی كرد بە پێغـەمبەرەكـەی : {فَقُولَا لَهُ قَوْلاً لَّيِّناً لَّعَلَّهُ يَتَذَكَّرُ أَوْ يَخْشَى} طه ٤٤ واتــە : ( قــســەی نــەرم لەگـەڵی بكـەن بەڵكـو بیر بكـاتەوەو بترسـێ لە خوا ) . وە خـوای بــەرز ئەفـەرمـوێ {ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ} الــنحل ١٢٥ ، وە پێغـەمبـەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفـەرموێ : (فإن الرفق لم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

يكن في شيء قط إلا زانه ، ولا نزع من شيء قط إلا شانه) سلسلة الصحيحة ٥٢٤ واته : ( وه نــەرم و نــيانی لــە شـتـێك نابێ قەت ئیللا جوانی ئەكات . وه لە هەرشتێكا نەمێنێ ئیللا ناشیرنی ئەكات ) .

٧_ هــیوا نــەبڕان و ئومـێد بــوون : ئەو كـەسـەی بانگـەواز بۆ لای خوا ئەكات ئەبێ قەت بێ ئومـێد نــەبێ لــەوەی خــەڵك بــڕوای پێ ناكـەن ئەبێ هەر هیواو ئومێد لە دڵیا بمێنێ خوای گــەورە بــە تــوانایە بــۆ دڵ نــەرم كــردنی هــەر كـەسێك بیەوێ . لەبەر ئەوە تۆ لە بانگـەواز بــەردەوام بــە بێ ئومێد مەبە لە دواكـەوتنی سـەركـەوتنی بانگـەوازەكـەت و ڕەت كـردنەوەی خــەڵك بــۆی .بــا زەمەنــێكــی زۆریــشــی بــە ســەر دا بــڕوا تۆ ئەوەی لەسـەرتە بانگـەوازەكـە ئەگــەینی هیدایەتــیش لای خــوایە ئــێمە لێی بەرپرسیار نین خـوای بەرز بە پێغەمبەرمان صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمــوێ {لَيْسَ عَلَيْكَ هُدَاهُمْ} البقرة ٢٧٢ واتــە : ( هیدایەتی وان لــە ســەر تــۆ نیه ) . وه خـوای بەرز ئەفەرموێ : {إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَــن يَــشَاءُ وَهُــوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ } القصص ٥٦ واتــە : ( تۆ هیدایەتی كـەسێك نادەی كـە خۆشت ئەوێ بەڵام خوا هیدایەتی كـەسێك ئەدا كـە بیەوێ وه ئەو زاناترە بەوەی هیدایەتی ئــەدات و هــیدایەت وەر ئەگــرێ ) . وه خـوای بەرز ئەفەرموێ : {فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلَاغُ} ال عمران ٢٠ واتــە : ( لەســەر تۆ تەنیا گـەیاندنە ) . وه خـوای بەرز ئەفەرموێ : {وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْــبَلَاغُ الْمُبِــينُ} العنكبوت ١٨ واتــە : ( وه لەسەر پێغەمبەر نیە ئیللا گـەیاندنێكی ڕوون و ئاشـكـرا نەبێت ) وه چەندین ئایەتی تر لەو مانایە وه پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام زۆر نەفـەس درێــژ بــوون لــە بانگــەواز كــردنی خـەڵك ئەوە نوح عليه الصلاة و السلام ٩٥٠ ساڵ ئارامــی گــرت و نەتەوەكـەی خۆی بانگ ئەكـرد بۆ لای خوا خـەڵكێكـی زۆر كـەمیش شـوێنی كــەوتن . پــێغـەمبەری خـواش صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ لەو فەرمووده‌ی كـە باســی ئــەوەمان بۆ ئەكا ئوومەتەكانی نیشان دراوه پێغەمبەری وای بینیوه لە ڕۆژی دوایی دێــت هــیچ كـەســێكـی لــە گــەڵ نــیە كــەس شــوێــنی نەكـەوتووه _ئەم فەرموده پێشتر باسـمـان كــردووه_ . وه ئــەوە پــێغـەمبەرمان صــلـى الله عليه وعلى اله وسلم لــە گـەڵ ئەو هەمــوو ئێش و ئازارەی ئەهاتە ڕێگای لە لایەن نەتەوەكـەی و خزم و كـەس و كاری خۆی وه لەو كاتەی لە هەموو كاتێك زیاتر توشــی ئازار بوو خـوای بەرز فریشـتـەی شـاخـی بۆ نارد وتی ئەگــەر ئەتــەوێ ئێــستا هــەردوو شــاخیان بــە ســەرا ئــەدەم و لــە ناویــان ئەبــەم بــەڵام پــێغەمبەری خــوا صــلى الله علــيه وعلـــى اله وسلم فەرموی : (بل أرجو أن يخرج الله من أصلابهم من يعبد الله وحده لا يشرك به شيئا) رواه البخاري واته : ( نەخێر من ئومێد ئەكـەم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لـە خـوا کـە لـە پشتی ئەوان لە نەوەکانیان کەسانێك دەربکا کە خوا بپەرستن و هیچ هاوبەشـی بۆ بڕیار نەدەن ) .
_بـۆ ئـەو حـەوت خاڵـە سـودم وەرگرتووە لە پێشـەکـی شـێخ صالح فـوزان لە کـتێبي منهج الانبـيـاء فـي الدعــوة الــی الله فــيه الحكمة والعقل هـی شـێخ ربیع بن هادي المدخلي کـە کـتێبێکـی زۆر بەسـودە لەو باسـە پێویسـت ئەکات بگەڕێنەوە سـەری _ .

فيه مسائل: واتە : ( ئەم باسـە چەند مەسـەلەیەکـی تێدا ) .
الأولى: أن الدعوة إلى الله طريق من اتبعه صلى الله عليه وسلم . واتـە : ( یەکـەم : بانگـەواز کـردن بۆ لای خوا ڕێگای ئەو کـەسـەیە کـە شـوێني پێغەمبەرصلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەکـەوێت ) .
الثانية: التنبيه على الإخلاص، لأن كثيراً لو دعا إلى الحق فهو يدعو إلى نفسه. واتە : (دووەم : ئاگـاداری لـە سـەر ئـیخلاس _ تـەنها خـوا مەبەسـت بوون _ ، چونکـە زۆر کـەس ئەگـەر بانگــەواز بــۆ حـەق بکـا بانگـەواز ئەکـا بۆ نەفسـی خـۆی ) . دیارە ئەمەش واقیعەو ئەبینرێ بـە نـاوی ئیـسـلام و حــەق خـەڵـکـێك هەیـە بانگــەواز ئـەکـا بـەڵام مەبەسـتی ناوبانگ و دەوڵەمەندی یان حیزبایەتی و هەر شـتێکـی ترە بێجگـە لە ڕەزامەندی خوا .
الثالثة: أن البصيرة من الفرائض. واتـە : (سـێهـەم : زانسـت و چاو ڕۆشـنـي لە فەرزەکانە ) . یانی بوونی زانسـت بۆ ئەو کـەسـەی بانگـەواز ئەکا بۆ لای خـوا فـەرزە .
الــرابعة: مــن دلائــل حسن التوحيد: كونه تنزيهاً لله تعالى عن المسبة. واتە : ( چوارەم : لە بەڵگـەکـانی جوانی یەك خوا پەرسـتی _توحید_ ئەوەیە کـە دوور خسـتنەوەی کـەم و کـوڕیو بە پاك زانیني خوایە لە جنێو و لە کـەم و کـوڕی ) .
الخامــسة: أن مــن قبح الشرك كونه مسبة لله. واتە : ( پێنجـەم : لە ناشـیرنی هاوبەش دانان ئەوەیـە کـە پـاڵ دانی جنێوو کـەمو کـوڕیە بۆ خـوا ) . چونکـە ئەوەی هاوبەش بۆ خـوا دابنـێ خــوای نەناسـیوە بـە تەواوی وا ئەزانـێ خوا پێویسـتـی بەو هاوبەشـەیە ئەوەش گـەورە ترین بوختانە بۆ خـوا .
السادسة: وهي من أهمها – إبعاد المسلم عن المشركين لئلا يصير منهم ولو لم يشرك. واتە : ( شـەشــەم : وە ئــەوە لـە گـرنگـترین مەسـەلەکـانە دوور کـەوتنەوەی موسـڵمان لە هاوبەش دانــەران بــۆ ئــەوەی نەبـێتە یەکـێك لەوان ئەگـەر هاوبەشـیش بۆ خوا بڕیار نەدا ) چونکـە تـێکـەڵ بــوون لە هاوبەش دانەران هێزو توانایان زیاد ئەکا بەرامبەر موسـڵمانان ئەوەش لە فەرمـودەی ( وما انا من المشركين ) وەری گـرتووە . ئـەوە بە ڵگـەیەکـە کـە مانەوە لە وڵاتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کافرو هاوبەشدانەران دروست نیە با لێشت بگەڕێن لە سەر دینی خۆت بیت ئەمە زۆر گرنگەو بیزانە خوای گەورە هەموو لایەکمان ڕزگار بکا لە وڵاتی کافران و وڵاتی خۆمان ئارام و سەلامەت بکا بۆمان .

السابعة: كون التوحيد أول واجب. واتە : ( حەوتەم : ئەوەیە کە یەك خوا پەرستی _ توحید _ یەکەم واجبە ) . یەکەم واجبە لەسەر خەڵك وە یەکەم واجبە لە سەر بانگەوازکاران بانگەوازی بۆ بکەن . بەداخەوە ئەمڕۆ ئەوانەی بانگەواز ئەکەن بۆ لای خوا و یەکەم شت لە یەك خوا پەرستی _ توحید _ دەست پێ ئەکەن خەڵکی نەفام و سیاسەت بازەکان ناوو ناتۆرەی ناشیرنیان لێ ئەنێن ئەڵێن ئەوانە فیتنە ئەکەن و تەفرەقە ئەکەن ناوی خۆیان لەوان ئەنێن بزانن ئەوە نیشانەی گومڕایی ئەوانە .

الثامنة: أن يبدأ به قبل كل شيء، حتى الصلاة. واتە : ( هەشتەم : دەست پێبکە بە _توحید_ پێش هەموو شتێك ) هەر وەك پێغەمبەران عليهم الصلاة والسلام یەکەم شت بە _ توحید _ دەستیان بە بانگەواز کردووە .

التاسعة: أن معنى: (أن يوحدوا الله)، معنى شهادة: أن لا إله إلا الله. واتە : ( نۆیەم : مانای خوا بە تاك بزانن لە پەرستن مانای شاهێدی دانە بە لا الە الا اللە ) .

العاشرة: أن الإنسان قد يكون من أهل الكتاب، وهو لا يعرفها، أو يعرفها ولا يعمل بها. واتە : ( دەیەم : ئەگونجێ کەسێك لە ئەهلی کیتاب بێ بەڵام لا الە الا اللە نەناسێ . یان ئەیناسێ بەڵام کاری پێ ناکات ) . بۆیە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە معاذی خوا لێی ڕازی بێ ڕاگەیاند یەکەم شت بانگی ئەوانە بکا کە ئەهلی کیتابن بۆ لای لا الە الا اللە .

الحادية عشرة: التنبيه على التعليم بالتدريج. واتە : ( یانزەهەم : ئاگاداری لەسەر فێرکردن پلە بە پلە ) . وەك بۆمان دەر کەوت یەکەم جار پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی کرد بە معاذ خوا لێی ڕازی بێ کە بانگەواز بکا بۆ لای لا الە الا اللە پاشان بۆ لای نوێژ پاشان بۆ لای زەکات . ئەوە ئەبێ ڕێگای هەموو بانگەواز کارێك بێ بۆ لای خوا لە گرنگترین شتەوە دەست پێ بکا بۆ گرنگترین شت بەو شێوەیە چونکە ناکرێ تۆ کەسێك لە پرێکا هەموو ئیسلامی پێ بڵێیت و سەد لە سەد بیگۆڕیت هەر ئەبێ ئەو ڕێگایە بگرین کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی پێ کردووە .

الثانية عشرة: البداءة بالأهم فالأهم. واتە : ( دوانزەهەم : دەست پێ کردن لە گرنگ ترین شت پاشان گرنگ ترین شت ) . ئەوەش الحمد لله بە جوانی ڕونمان کردەوە .



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

الثالـــثة عشرة: مصرف الزكاة. واتــە : ( سـيانزەهـەم : ئەو کـەسـانەی زەکـاتيان ئەدرێتـێ ) . دەرکـــەوت کـــە هـەژارەکـانن هـەر لـە نـەتـەوەو خزم و کـەس و کـاری دەوڵەمـەندەکـان . ئـەوەش لــە کـتـێبە فيقهـيـەکـان بـە جـوانی ڕوون کـراوەتـەوە کـە ئـەو کـەسـانـەی زەکـاتيان ئـەدرێتـێ کێن و بە کـێ ئەشێت .

الـــرابعة عشرة: كشف العالم الشبهة عن المتعلم. واتــە : ( چواردەهـەم : ئاشکـرا کـردن و ڕوون کـــردنـەوەی گـــومان و شـــوبهـە لـــە لايـەن زاناوە بۆ ئەو کـەسـەی ئەيەوێ فێر ببـێ ) . ئـەوەش لــەوە وەر ئــەگيرێ کــە پـێغـەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فـەرمانی کـردو ڕوونی کـردەوە بۆ معاذ کـە زەکـات لـە دەوڵەمـەندەکان وەر ئەگيرێ و ئەدرێ بە هـەژارەکـان بۆ ئـەوەی گـــومان نـەمــێنـێ لــەوەی کـەســێ بڵـێ بۆ پارە و زەکـات لـە خـەڵك وەر ئـەگرن ئـەوەشـمان بـە درێـژی بــاس کـــرد ، گـــرنگ ئـەوەيــە ئــەبێ ئەوەی بانگـەواز ئـەکـا بۆ لای خـوا وە خـەڵك فـێری ئيـسـلام ئــەکـا هـەرچـی گـومانی ناڕەوايە بـەرامبـەر بە ئيسـلام ڕەددی بکـاتـەوەو بۆ خـەڵکـی ڕوون بکـاتـەوە کـە ئيسـلام دينێکـی پاکـە و کـەس ناتوانێ گـومانێکـی لـێ بدۆزێتـەوە سـوپاس بۆ خـوا .

الخامـــسة عشرة: النهي عن كرائم الأموال. واتــە : ( پانزەهـەم : نـەهـی کـرد پێغـەمبـەری خـوا صـــلی الله عليه وعلى اله وسلم لـەوەی باشـترين ماڵ لـە زەکـات وەربگـيرێ ) . بۆ نمـونە ئەگـەر زەکــاتی مــەڕو مالاَت وەربگـيرێ نابێ کـامـەی قـەڵـەوو باش بـێ ئـەوە هـەڵبـژێرێ وە نابێ خـاوەن ماڵيش کـامـەی لـەڕو لاوازە ئـەمـە دەربکـا بەڵکـو مام ناوەندی بێ و الله اعلم .

الـــسادسة عشرة: اتقاء دعوة المظلوم. واتــە : ( شـانزەهـەم : خۆ پاراسـتن لـە دوعـاو پاڕانـەوەی سـتـەم لـێکـراو ) . ئـەويش بـەوەی سـتـەم لـەکـەس نـەکـەی ئـەگـەر کـاری موسـلمانانت کـەوتـە دەســت چـــونکـە بـزانـە ئـەو سـتـەم لـێکـراوە کـە لـە خـوا ئـەپاڕێتـەوە خـوا نزاکـەی وەرئـەگرێ و هـــيـچ پـەردەيــەك لــە بــەينی ئـەونزايـەی وە لـە بـەينی خـوادا نيـە خـوای بـەرز سـتـەم لـێکـراوان سـەر ئـەخـاو تۆڵـەيان ئـەکـاتـەوە .

السابعة عشرة: الإخبار بأنها لا تحجب. واتە : ( حـەڤدەهـەم : پێغـەمبـەری خـوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هـەواڵـی بـەوە دا کـە دوعـا و نزای سـتـەم لـێکـراو ڕەت ناکـرێتـەوە )

الثامـــنة عـــشرة: مـــن أدلة التوحيد ما جرى على سيد المرسلين وسادات الأولياء من المشقة والجـــوع والوباء. واتە : ( هـەژدەهـەم : لـە بـەڵگـەکـانی _تـوحيـد_ يـەك خـوا پـەرسـتـی ئـەوەيـە کــە بـەســەر گـەورەی پێغـەمبـەران عليهم الصلاة والسلام وە بـەسـەر گـەورە پياو چاکـەکـان و خۆشـەويـسـتـانی خـوا هـاتـووە لـە زەحـمـەت و برسـەتی و نـەخـۆشـی و دەردو بـەلا ) . بـە ڕاسـتـی ئـەمــە بـەڵگـەيـەکـی بـەهـێزە بۆ ئـەوەی بزانين کـە تـەنـهـا خـوا شـايانی پـەرسـتـنـەو ئـەبێ تـەنـهـا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لـەو بپارێـینەوە نـەك لـە پـێغەمبەران و پـیاو چاكان ئەوە نیە پێغەمبەران علیهم الیّلاه والـسلام خـۆیان توشـی هەمـوو ناخۆشـیەك هاتـوون هیـچیان بەدەست نەبووە بۆ ۆیان بەڵكـو لـە خـوا پاڕونەتـەوە كـە لـە سـەریان لا بـدات ئـەوە نـیە یّیاو چاكان لە هاوەڵە بەرێزەكانی پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم توشی نەخۆشی و برسەتی و بریندارى و ئـازار بوون ئەوە نیە علی كوری ابي طالب نەخۆش بوو لە ماڵ كەوتبوو وە نەشـی ئەتوانى خـۆی چـاك بكاتـەوە بەڵكـو پـێغەمبەری خـوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم بۆی لە خـوا پـاڕاوە تـا شـیفای بـا ئینجا خوا شیفای دا . ئەی ئەبێ چەند بێ عـەقل بێ ئەوەی دێت لە جیاتی خـوا لـە بەنـدەكانی خـوا لـە پـێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام و هاوەڵەكانـیان ئەپاڕێـتەوە . لەوانیش بێ عـەقل تر ئەوانەن كە لە كەسانێك ئەپاڕێنەوە پلەیان لەوانیش نزمتـرە كـە ئەچـنە سـەر گۆڕەكانیان و داوایان لـێ ئەكەن لە جیاتی خوا دیارە ئەوەی ئەو كتێبە بە تەواوی بخوێنێتەوەو تێی بگا ئەوەی بە جوانی بۆ ڕوون دەبێتەوە .

التاسـعة عـشرة: قـوله: (لأعطـين الراية) إلخ. علم من أعلام النبوة. واتـە : ( نۆزدەهەم : فەرمـودەی پـێغەمبەری خـوا صـلی الله علیە وعلی الە وسلم كـە فەرموی ئاڵاكە ئەدەمە كەسـێك تـا كۆتایـی . نیـشانەیەكە لـە نیـشانەكانی پـێغەمبەرایەتی ) . چـونكە پـێغەمبەری خـوا صـلی الله علیە وعلی الە وسلم فەرمـوی بەیانی فەتحی خەیبەر ئەبێت و ئەمـەش بـوو دیـارە ئەمـەش ئەگـەر پـێغەمبەری خوا نەبوایە لە لایەن خواوە ئەمەی پێ ڕانەگایاندرابایە چۆن ئەیزانی ؟!

العـشرون: تفلـه فـي عينـيه علم من أعلامها أيضاً. واتـە : ( بیستەم : وە هەر وەها كە پـێغەمبەری خـوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم ڕیـق و لیـكی خۆی خستە سەرچاوی علی خـوا لێی ڕازی بێ ئەوەش نیشانەی پێغەمبەرایەتیە ) . ئەوەش نیشانەی پێغەمبەرایەتیە چـونكە علـی خـوا لـێی ڕازی بـێ نەخـۆش بـوو لەو كاتە گرنگە لە ماڵ كەوتبوو خەڵك چـوون هـێنایان بـەلام پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم تفی موبارەكی خۆی خـستە سـەر چـاوی وە بـۆی لـە خوا پاڕاوە خوای برزیش داواكەی گیرا كرد یەكسـەر علی خوا لێی ڕازی بێ چاك بویەوە وەك ئەوەی قەت چاوی ژانی نەكردبێ ئەوەش موعجیزەیەكە خـوای گـەورە بـە پـێغەمبەری بـە خشیبوو هەر وەك بە عیسی پێغەمبەری بەخشیبوو علیە الصلاة والسلام وە بـێجگـە لـەم ڕوداوەش چەندین ڕوداوی ترمان هەن كە بە یەحیحی هاتوون چەندین جار پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وعلی الە وسلم لە خوا پاڕاوەتەوە باران بـاری یەكـسـەر بـاران باریـوە یـان لـە خـوا پاڕاوەتـەوە كەسێك شیفا بدا یەكسەر خوا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

شيفاى داوه ئەوەش لەو موعجيزانەيە كە خواى بەرز بە پێغەمبەرى صلى الله عليه وعلى اله وسلم بەخشيە .

الحاديـــة والعشرون: فضيلة علي رضي الله عنه. واته : ( بيست و يەكەم : فەزلى على خوا لـێى ڕازى بـێ ) . چونكە پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم شاهێدى بۆ دا كە خـواو پـێغەمبەرى صلى الله عليه وعلى اله وسلم خـۆش ئەوێ وە خواو پێغەمبەريش صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەويان خۆش ئەوێت .

الثانـية والعــشرون: فــضل الصحابة في دوكهم تلك الليلة وشغلهم عن بشارة الفتح. واته : ( بيـست و دووەم : فـەزلى هاوەڵەكانى پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بەوەى كـە ئەو شەوە قسەيان لەوە ئەكرد كە كـێ بـێ ئالاكە وەربگرێ ئەوە مەشغولى كردن لە مژگـێـني فەتحـى خەيبەر ) . ئـەوان باسـى ئـەوەيان نەكـرد كـە ئـەو هەموو ماڵ و ئەرزە ئەكەوێتە دەستيان بەوە خەريك بوون كە كـێ بـێ ئالاكە وەرگرێ ئەمە بۆ خۆى مسۆگەر بكـا كـە خـواو پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم خۆشيان ئەوێت خوا لە هەمويان ڕازيبـێ دونيا قەت خواى لە بير نە ئەبردنەوە بە پێچەوانەى خەڵكـى ئێستا .

الثالـــثة والعــشرون: الإيمـــان بالقدر، لحصولها لمن لم يسع لها ومنعها عمن سعى. واتـە : ( بيـست و سـێهەم : بـڕوا بوون بە قەدەر . لەبەر وەدەست هێنانى بۆ كەسێك كە هەوڵى بـۆ نەدابـوو وە وەدەست نەهێنانى بۆ كـەسانێك كە هەوڵيان بۆ دا ) . ماناى ئەم ئالايە درا بـە عـلـى خوا لێى ڕازى بێ بێ ئەوەى هەوڵى بۆ بدا بەڵكو لە ماڵى خۆى بوو ئاگاشـى لەو باسـە نەبـوو وە هاوەڵە بەڕێزەكانى تر كە خۆيان بۆ ئامادە كرد وە بەيانيەكەى هاتنە لاى پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم كەسيان وەرى نەگرت .

الـــرابعة والعــشرون: الأدب في قوله: (على رسلك). واتـە : ( بيست و چوارەم : ئەدەب لە فەرمـودەى پـێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم [علـى رسـلك : لەسـەرخۆبە] ) . ئـەوە ئـەبێ ئـەدەب و ڕەوشـتـى موسـڵمان بـێ لەسـەر خۆيى نەك بە هەڵپەهەڵپ بێ و عەجەلە بكا .

الخامـــسة والعــشرون: الدعوة إلى الإسلام قبل القتال. واتـە : ( بيست و پێنجەم : بانگەواز كـردن بـۆ لاى ئيسلام پێش شەڕكردن ) . يانى ئەبێت بانگيان بكەى بۆ لاى ئيسلام ئەگەر موسـڵمان بـوون ئـەوە مەبەسـتـى موسڵمانە ئەگەر موسڵمان نەبوون ئەو كات ئەگەر ڕازيـش نەبـوون بەوەى جزيە بدەن شەڕيان لەگەڵ ئەكرێ . بەلام ئەم سەردەمە پێچەوانە بـۆتەوە خەوارجـەكان بـەناوى جيهاد موسـڵمانان ئەكـوژن و شــەڕيان لـە گەڵ ئەكەن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڕاستی شتێکی پیسن لە بەرئەوەشە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەربارەیان ئەفەرموێ ( كلاب النار ) سەگی ناو ئاگرن خوا پەنامان بدات .

السادسة والعشرون: أنه مشروع لمن دعوا قبل ذلك وقوتلوا. واتە : ( بیست و شەشەم : ئەمە بانگکردن بۆ لای ئیسلام دروستەو شەرعیە بۆ کەسانێك ئەگەر بانگیش کرابن پێشتر و شەڕیان لە گەڵ کرابێ ) . وەك جولەکەکانی خەیبەر شەڕیان لە گەڵ کرابووەوە بانگیش کرابوون بۆ لای ئیسلام بەڵام لە گەڵ ئەوەش پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمانی کرد بە علی خوا لێی ڕازی بێ کە بانگیان بکا بۆ لای ئیسلام پێش ئەوەی شەڕیان لە گەڵ بکات .

السابعة والعشرون: الدعوة بالحكمة، لقوله: (أخبرهم بما يجب عليهم). واتە : ( بیست و حەوتەم : بانگەواز کردن بە حیکمەت . لە بەر فەرمودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم : هەواڵیان پێ بدە لەو شتانەی لە سەریان واجبە ) . ئەوە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە علی خوا لێی ڕازی بێ فەرموو پاش ئەوەی بانگیان ئەکەیت بۆ لای ئیسلام فێریان بکە چی لەسەریان واجبە ئەوەش بانگەواز کردنە بە حیکمەت نابێ هەر بانگیان بکەی بۆ ئیسلام و لێیان گەڕێیت ئەبێ لە پاشانا فێری ئەو ئیسلامەیان بکەیت و ئەو شتانەی خوا لەسەری واجب کردوون بۆیان ڕوون بکەیتەوە .

الثامنة والعشرون: المعرفة بحق الله تعالى في الإسلام. واتە : ( بیست و هەشتەم : ناسینی حەقی خوا لە ئیسلام ) . کە ئەبێ بانگەوازکەر ڕوونی بکاتەوە بۆ خەڵك .

التاسعة والعشرون: ثواب من اهتدى على يده رجل واحد. واتە : ( بیست و نۆیەم : پاداشتی ئەو کەسەی کە کەسێك خوا هیدایەتی لەسەر دەستی بدا ) . ئەوەشمان بۆ ڕوون بۆوەوە بە درێژی باسمان کرد .

الثلاثون: الحلف على الفتيا. واتە : ( سیهەم : سوێند خواردن لەسەر فەتوا ) . ئەوەش لە فەرمودەکەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم وەر ئەگیرێ ( والله لان يهدي الله ...... ) مەبەستی شێخی ئیسلام ئەوەیە کە دروستە زانایەك ئەگەر فەتوای دا بۆ گرنگی مەسەلەکە سوێند بخوا وەك بڵێ والله ئەو شتە حەرامە یان والله ئەم شتە حەڵاڵە والله اعلم .

**باوکی حارث**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com